# دوو زاراوەی زمانەوانی لە پەیوەندییە زانستی و کۆمەڵایەتییەکاندا



م. بازیان یونس محی الدین
مامۆستا لە کۆلیژی تەکنیکی ئەندازیاری هەولێر

سینتاگماتیک بریتییە لە پەیوەندی ئاسۆیی یان هێڵی ئاسۆیی زمان لە نێوان کەرەستە و فۆنیم و پیت و وشەکاندا، کە پەیوەندی لۆژیکی و واتایی نێوان کەرەستە تەنیشت یەکەکان دەخاتە ژێر لێکۆڵینەوە و هاورێیەتی و توندوتۆڵی و گونجاویان دەنوێنێت.

پاراتیگماتیک بریتییە لە پەیوەندی شاوڵی یان ستونی نێوان کەرەستە و وشەکان، کە پەیوەندی لۆژیکی و واتایی کۆیان دەکاتەوە.

ئەم دوو زاراوەیە لە بواری زمانەوانیدا باسی لێوەکراوە، بەڵام لێرەدا هەوڵدراوە لە فەلسەفەی زانستی و کۆمەڵایەتی دا تیشکی بخرێتە سەر، کە ئایا ئێمە چەندە سوود وەردەگرین لە زاراوە زمانەوانییەکان (علم اللغة)، بۆ بوارەکانی تر بەتایبەت لە پرۆگرامی خوێندن و فەلسەفەی زانستی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، کە زانست و خۆشەویستی زانست بەتینتر و مەبەستداری ڕاستەقینە دەکەن؟

هەردوو زاراوەی سینتاگماتیک و پاراتیگماتیک لە پەیوەندییەکاندا، بەم شێوەیەی خوارەوە بوارەکان شیدەکەنەوە:

سینتاگماتیکی هەر یەکێکمان بەوەی ترەوە بەندە، کە لە هێڵێکی ئاسۆیی داین و دەتوانین پەیوەندی ئاینی و سیاسی و زانستی و ئەکادیمی و حیزبایەتی و ئابوری و .... بەیەکتریەوە بمانبەستێتەوە.

پاراتیگماتیکی هەر یەکێکیشمان

لە پەیوەندی ستونی یان شاوڵی دا، کە ب لەجیاتی دانان پرۆسەکە دەتوانێت ڕێچکەی زانستی خۆی وەربگرێ.

شایانی باسە، کە ئەم دوو زاراوەیەی زمانەوانی ئەوە دوپاتدەکەنەوە، کە هەر هەڵەیەک لەو دوو پەیوەندییە ڕوویدات ئەوا (ناجۆری نازانستی نامرۆڤی) لە کایە دیاریکراوەکە ڕوودەدات و کێشەی جیاجیا دێتە ئاراوە.

بۆ نموونە، گەر یەکێک لە پۆستێکی ئیداری بێت بە ستوونی پەیوەندی لە شوێن کەسێکیتر دانرابێت و تەواو هاوستوونی نەبێت لەو بوارەدا، ئەوا کێشەی کارگێڕی و یاسایی دروست دەبێت.

یان دەبینین یەکێک لە پەیوەندی ئاسۆیی دەچێتە تەنیشت یەکێکیتر، کە هیچ پەیوەندییان پێکەوە نییە، ئەوا نا سیستەمی لەو دانیشتنە دروست دەبێت و ئاستی بەرز بەرەو خوارەوە نزم دەبێتەوە.

ئەم باسە هەمو بوارێک دەگرێتەوە بە کەمێک دەستکاری سیستەمی و ڕژێمی.

